لوبنان و ئیمارات ڕێککەوتن لەسەر ئاسانکاری دەرکردنی ڤیزە بۆ هاوڵاتیانی لوبنان

سەرۆکی ئیمارات، مەحەمەد بن زاید ئەلنەهیان ڕۆژی پێنجشەممە لە میانەی کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی لوبنان نەجیب میقاتی لە کۆشکی کێنار دەریا لە ئیمارات جێختی لە "بەهێزی پێوەندییە برایەتییەکانی نێوان وڵاتەکەی و لوبنان" کردەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا ڕێککەوتن لەسەر گرتنەبەری ڕۆوشوێنی پێویست بۆ کردنەوەی باڵیۆزخانەی ئیمارات لە بەیروتی پایتەختی لوبنان و هەروەها پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ پەرەپێدانی میکانیزمێک بۆ ئاسانکردنی دەرکردنی ڤیزە بۆ هاوڵاتیانی لوبنان بۆ گەشتکانیان بۆ ئیمارات، هەروەها هەردوولا گفتوگۆیان کرد لەسەر پێوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و چێنیتی بەهێزکردن و پەرەپێدانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، بەتایبەتی پەرەپێدانی ئابووری و لایەنەکانی دیکە کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵات دەکەن.